# کاروچالاکی بەڕێوبەرایەتی فێرکردنی پیشەیی

## ٢٠١٢ و ٢٠١٣

١- أ- واژۆکردنی گرێبەست لەگەڵ رێکخراوی GIZ ئەڵمانی تایبەت بە دروست کردنی (٣) کۆمەڵگەی پیشەیی.

ب- کەوتنە بواری جێ بە جێ کردنی پڕۆژەی کۆمەڵگەی پیشەیی ٢٠١٣/٩/١٥.

٢- ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵسەنگاندن بە مەبەستی گۆرینی ناونیشانی لە مامۆستا بۆ سەرپەرشتیاری پەروەردەی پیشەیی/ لە فەرمانبەر بۆ مامۆستای پیشەیی بۆ زیاتر لە (٥٧) مامۆستاو فەرمانبەر.

٣- أ- کردنەوەی ئامادەیی پیشەیی لە کفری/سید صادق.

ب- کردنەوەی بەشی (گەشت و گوزار) لە هەولێر.

٤- داهاتی بەرێوەبەرایەتیەکەمان زیاتر لە (٥٦,٥٠٠) ملیۆن دینار پتر بووە لە پێدان و نوێ کردنەوەی مۆڵەتی سەنتەری پیشەیی ئەهلی.

٥- ئەنجامدانی خولی ڕاهێنان بۆ (٧٢)مامۆستایی پسپۆری پیشەیی لە وێنەی (ئەندازیاریی و پیشەسازی) لە هەولێر/ سلێمانی/ دهۆك تایبەت بە پڕۆگرامی ئەتوکاد.

٦- ئەنجامدانی خولی ڕاهێنان بۆ (١٠) مامۆستایی پشەیی لەسەر چۆنیەتی فێرکردنی ئەلکترۆنی(التعلیم الکترونی) لەسەر ئاستی هەرێم بەسەر پەرشتی رێکخراوی یونسکۆ.

٧- ئەنجامدانی خولی ڕاهێنان بۆ (٦) مامۆستای پیشەیی تایبەت بە (جیهانی کار بناسە) لەسەر ئاستی هەرێم بەسەر پەرشتی رێکخراوی یونسکۆ.

٨- ئەنجامدانی خولی ڕاهێنان بۆ (٣) بەرێوەبەری ئامادەیە پیشەیەکان لە بواری سیستەمی نوێ ی بەرێوەبردن لەسەر ئاستی هەرێم بە سەرپەرشتی رێکخراوی B.C سەنتەری رۆشنیری بەریتانی.

٩- ئەنجامدانی خولی ڕاهێنان بۆ (٣) مامۆستایی پیشەیی پسپۆری (هەواسازی) بە سەرپەرشتی رێکخراوی B.C

١٠- ئەنجامدانی خولی ڕاهێنان بۆ (٧) مامۆستایی پیشەیی لە پرۆژەی (کارامەییەکانی ژیان لە لای لاوان) بە سەرپەرشتی رێکخراوی UNFPA.

١١- بەشدارپێکردنی (٣) مامۆستایی پسپۆری پیشەیی ئۆتۆمبێل لە خولی ڕاهێنانی پێشکەوتو لەسەر ئاستی هەرێم بۆ ماوەی (١٥) مانگ لە کۆمپانیای (تیرامار)ی ئەلمانی بە سەرپەرشتی ڕێکخراوی GIZ ی ئەلمانی.

١٢- جێ بە جێ کردنی پرۆژەی (جیهانی کار بناسە) لە (٦) ئامادەیی پیشەیی لەسەر ئاستی هەرێم بە سەرپەرشتی ڕێکخراوی یونسکو.

١٣- جێ بە جێ کردنی پرۆژەی (کارامەییەکانی ژیان لە لای لاوان) لە (٣) ئامادەیی پیشەیی لە پارێزگای هەولێر.

١٤- جێ بە جێ کردنی پرۆژەی هاوبەشی کۆمەڵایەتی / خوێندنی دوانەیی لەگەڵ (٥) کۆمپانیای ئۆتۆمبێل لە کەرتی تایبەت بە سەرپەرشتی ڕێکخراوی (ایکون/GIZ) ئەلمانی.

١٦- پتەوکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ ڕێکخراوە نیودەوڵەتیەکان بە تایبەتی لەگەڵ ڕێکخراوی ( B.C/GIZ/ کویکا / ETTCسەنتەری ئەلمانی/ یونسکۆ/ اسکوا/یونسیف/ ایکون)

١٧- پتەوکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ وەزارەتی(خوێندنی باڵا/ کشت و کاڵ/ پیشەسازی و بازرگانی/ کاروباری کۆمەڵایەتی/ ڕۆشنیری) وەزارەتی خوێندنی باڵاو پەروەردەی عێراق.

١٨- جێ بە جێ کردنی سەدان داواکاری و نوسراوی هاوڵاتیان.

١٩- دروست کردنی کابینە بۆ قوتابیانی ئامادەیی کشت و کاڵ لە ب.گ.پەروەردەی هەولێر.

٢٠- ئەنجام دانی خولی ڕاهێنان بۆ (١٥) مامۆستای پسپۆری کارەبا لەسەر ئاستی عێراق لە لایەن مامۆستایانی پسپۆری کارەبای هەولێر.

٢١- هەموارکردنەوەی ڕێنماییەکانی پێدانی مۆڵەتی سەنتەری پیشەیی ئەهلی.

٢٢- هەموارکردنەوەی ڕێنمایی وەرگرتنی قوتابیان لە ئامادەییە پیشەییەکان.

٢٣- کرنەوەی بەشی پێدانی مۆڵەتی سەنتەری پیشەیی لە ب.گ.پ.کەرکووك.

٢٤- کرنەوەی پێشانگای پەروەردەپیشەییەکان لەسەر ئاستی هەرێم لە پارێزگای دهۆك بۆ ماوەی (٣) ڕۆژ.

٢٥- دابین کردنی پێداویستی بۆ ئامادەیی بازرگانی ئێوارانی(کوڕان و کچان) لە هەولێر.

٢٦- پتەوکردنی پەیوەندیەکان لەگەڵ ب.گ./پلان/پرۆگرام/ئەزمونەکان/پەیمانگای مەشق و ڕاهێنان/دیوان/پ.هەولێر/سلێمانی/دهۆك/گەرمیان/کەرکووك.

٢٧- پەیرەوکردنی پرۆسەی هەڵسەنگاندن بۆ گۆڕینی ناونیشان لە مامۆستایی پیشەیی بۆ سەرپەرشتیاری پەروەردەی پیشەیی /لە فەرمانبەر بۆ مامۆستای پیشەیی/بۆ بەشداریکردنی مامۆستایانی پیشەیی پسپۆر لە خولی ڕاهێنان پێشکەوتوو لە دەرەوەو ناوەوەی وڵات.

٢٨- ئەنجام دانی چەندین چاوپێکەوتن لەگەڵ دەزگاکانی راگەیاندن.

٢٩- ئەنجام دانی سیمینار بۆ دەستەی کارگێری و فێرکردن لە ئامادەیە پیشەسازیەکانی(کارەبا/١١ئەیلول/بازرگانی کچان)بۆ زیاتر لە (١٢٧) ئەندام تایبەت بە پرۆژەی (کارامەییەکانی ژیان لای لاوان) لە ب.گ.پەیمانگای مەشق و ڕاهێنان بۆ ماوەی (٣) رۆژ وبە سەرپەرشتی رێکخراوی UNFPA.

٣٠- ئەنجام دانی زیاتر لە (١٣٠) سەردان بۆ ب.گ.دیوان/پلان دانان/پرۆگرامەکان/مەشقو راهێنان/بیناسازی/سەرپەرشیاری/نوسینگەلی وەزیر/پ.هەولێر/ئامادەییە پیشەیەکان/سەنتەرە پیشەیەکان لە هەولێر.

٣١- ئەنجام دانی زیاترلە (٩٠) کۆ بونەوە و چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرپەرشتیاران و بەرێوەبەرو مامۆستایانی پسپۆری پیشەیی لەسەر ئاستی هەرێم لەگەڵ بەرێوەبەرایەتیەمان.

٣٢- ئەنجام دانی سەدان پەیوەندی تایبەت بەخوێندنی فێرکردنی پیشەیی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار.

٣٣- بەشداری کردن لە دەیان کۆبونەوەی تایبەت بە دروست کردنی (٣) کۆمەڵگەی پیشەیی وەك ئەندامی لێژنەی تەکنیکی پرۆژەکە لەگەڵ لایەن پەیوەندارەکان بە پرۆژەکە.

٣٤- بەشداریکردن زیاتر (١٢٠) ۆورك شۆپ و سمینار مان کرد تایبەت بە پرۆژەکانی خوێندن و فێرکردنی پیشەیی لەگەڵ رێکخراوەکانی( بیانی وەك یونسکۆ/ اسکوا/ B.C/رەند امریکی/GIZ/ ایکونی ئەللنی/سەنتەری ETTC ئەلمانی/سەنتەری رۆشنیری فەرەنسی/ رێکخراوی UNFPA/وەزارەتی خوێندنی باڵا/ کاروباری کۆمەڵایەتی/رۆشنبیری/کشتو کاڵ/پیشەسازی و بازرگانی/پلان دانان/کۆمپانیای کەرتی تایبەت.

٣٥- سەردانی دەیان کۆمپانیای تابیەتمان کرد لە ناوچەی پیشەسازی (باکوور/باشور) لە هەولێر تایبەت بە دەست نیشان کردنی هاوبەشی کۆمەڵایەتی بە پرۆسەی فێرکردنی پیشەیی.

٣٦- (٤٠) قوتابی و خوێندکار لەگەڵ (١) مامۆستایی پیشەیی زەمالەی خوێندنیان بۆ دابین کرا لە وولاتی ئیتالیا.

٣٧- بەهەمانگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا و ڕێکخراوی یونسکۆ ڕەشنووسی سیستەمی فێرکردنی پیشەیی تەواو بوو.

٣٨- بەهەمانگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا ڕێژەی وەرگرتنی دەرچوانی پیشەیی لە زانکۆ و پەیمانگا تەکنیی

٣٩- أ- (٤) دەرچووی یەکەم لە هەرێم لە زانکۆ و بەپێ ی پسپۆرییەکان وەردەگیرێت.

ب- ڕێژەی کۆنمرەی کرا ٦٥٪ بۆ پەیمانگاکان

٤٠- بە هەمانگی لەگەڵ ڕێکخراوی GIZ نیو دەوڵەوتی هاوبەشی کۆمەڵایەتی واژوو کرا لەگەڵ (کۆمپانیای کیا/GM ) ئۆتۆمبێل بەمەبەستی گۆرینەوەی زانیاری ڕاهێنان و دامەزراندن.

٤١- بەشداری پێشانگای نێو دەوڵەتی ئۆتۆمبێلمان کرد وەك بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیای (کیا/ GM) لە پارکی سامی عبدالرحمان.

٤٢- بە هەمانگی لەگەڵ ڕێکخراوی (کویکا) کۆری کرا تایبەت بە پەرەپێدانی خوێندنی فێرکردنی پیشەیی.

٤٣- سەردانی ووڵاتی (کۆریا مان) کرد لەگەڵ بەرێز جەنابی وەزیر و بەرێوەبەری نوسینگەیی وەزیر بۆ لە نزیکەوە شارە زابوون لە سیستەمی فێرکردنی پیشەیی.

٤٤- لۆگۆی خوێندنی فێرکردنی پیشەیی دیاری کرا.

٤٥- دابین کردنی (٣٠٠٠$) بۆ هەرییەك لە ئامادەییە پیشەیەکانی هەرێم بەمەبەستی دابین کردنی پێداویستی مەشق و ڕاهێنان.

یوسف عبدالله

ب.فێرکردنی پیشەیی

٢٠١٣/١٠/٦